Komala Party of Iranian Kurdistan
Abroad Committee

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی دەرەوەی وڵات

# هاوڕێ سەلاحی ئێزەدی گیانی لە دەستدا

بە داخێکی زۆرەوە پێشمەرگە و ئەندامی دێرینی کۆمەڵە، هاوڕێ سەلاحی ئێزەدی لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا و پاش نەخۆشیەکی چەند ساڵە گیانی لە دەستدا. کاک سەلاح یەکێک لەو کەسانە بو کە هەر لە سەرەتاکانی شۆرشی کوردستانەوە لە شاری مەهاباد بە ڕیزەکانی کۆمەلە پەیوەست بو و ساڵانێک لە ئینتیشارات و ئۆرگانەکانی‌تری کۆمەڵەدا هەڵسوڕاو و چالاک بوو. لە نێوەڕاستی ساڵەکانی هەشتاوە نیشتەجێی وڵاتی سۆئێد بو.



لەو ساڵانەی ئاخردا کاک سەلاح پێوەندی ڕێکخراوەیی بە کۆمەڵەوە نەمابو و لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی سۆئێد کاری دەکرد. بە داخەوە مەرگ مۆڵەتی پێ نەدا و گیانی لە دەستدا.

بیرەوەری ئێمە لە کاک سەلاحی ئێزەدی، بیرەوەری هاوڕێیەکی تیکۆشەرە کە ساڵانێکی زۆر لە تەمەنی لاوی خۆی بە سەداقەت و پاکی و لەخۆبۆردوییەوە لە پێناوی کۆمەڵە و کرێکاران وزەحمەتکێشانی کوردستاندا سەرف کرد. یاد و بیرەوەری هاوڕێ سەلاحی ئێزەدی بیگومان لە نێو ئێمە و لە مێژوی کۆمەڵەدا زیندو دەمینێتەوە.

کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی کۆمەلە بە بۆنەی مەرگی کاک سەلاحەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی کاک سەلاح و لە هەمو هاوڕییانی کۆمەڵە دەکا.

**کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی**

**کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**١٣-٠٣-٢٠٠٨**

www.komala.org
**E-mail:** komite.xarij@komala.org

**Mobile:** +46-736256320
**Teflon:** +46-224-86149